**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەل**

**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**ژمارەی بڕیار: ١٢**

**ڕۆژی بڕیار: ١٩٩٩/٩/٢٢**

«بڕیار»

پشت بەو دەسەڵاتەی کە بەپێی بڕگە (٣)ی مادده (٢) لە یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمان دراوە و لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ڕۆژی ١٩٩٩/٩/٢٢ دا یاساکاری کردووە، ئەم بڕیارەمان دەرهێنا.

١- سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق دەسەڵاتی دەرهێنانی بڕیاری لێخۆشبوونی تایبەت بە حوکمدراوانی پێ دەسپێردرێ لەو کێشانەی کە لایەنەکانی لە بەردەم دادگادا مەسڵەتی (صلح) دەکەن بە پێشنیاری وەزیری داد.

٢- لەسەر وەزیرە تایبەتمەندەکانە حوکمەکانی ئەم بڕیارە جێبەجێ بکەن.

٣- ئەم بڕیارە بۆ ماوەی شەش مانگ لە مێژووی دەرچوونییەوە کاریگەری بەقەرار دەبێ.

٤- ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرهێنانییەوە جێبەجێ دەکرێ و لە ڕۆژنامەی ڕەسمیشدا بڵاو دەکرێتەوە.

**جوهر نامق سالم**

**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانی**

**کوردستانی عێراق**